# دوورگەی کۆدەکانی باران

**دڵشادی عومەرکاکی**
**بۆن/ ئەڵمانیا**

**پێشەکی**
لە ڕێگەی برادەرێکی دڵسۆزەوە کتێبێکی خۆڵەمێشڕەنگ لە بەرگدام خوێندەوە. پاشان ڕەنگ و ناوەڕۆکی کتێبەکەتان بۆ باس دەکەم، ئێستا بەکورتی تەنها دەڵێم؛ (ئەرخەوانی یان وەنەوشەیی لە ناوەڕۆکدا و تادوایی ..)

ئا، با بێمەوە سەر باسی برادەرە دڵسۆزەکە؛ ئەو تەواو بووبوو بەژێر تام و چریسکە و بروسکە ئەفسوناوییەکانی چیرۆک و پەخشانەکانی (باران)ەوە، باران کچە نووسەری کۆمەڵە چیرۆکەکەیە، بەناوی ((نامەیەک بۆ بەهەشت))، لەدوای دوو سێ جار سەرکردنە سەر لاپەڕە قەد قەد کراوەکانی (نامەیەک بۆ بەهەشت)، کەم کەم هێواش هێواش تێکەڵ و ئاشنا بە نووسینەکانی ئەم خاتونە، (باران) دەبووم و قەدەرێک وازم لێ دەهێنا و سەردەمێکی دی سەرم دەکردەوە سەری، نهێنییەک هەبوو، من نەمدەزانی بۆچی وەک هەندێ بابەتی دی ئەم دەقانە.

ئەم چیرۆک و پەخشانانەی ئەم کچە خۆ بەدەستەوە نادەن، سەرەتاڵێکم بۆ بەدەستەوەنایەت لێی بدوێم و ڕێگایەک نادۆزمەوە پیاسەی دڵنیایی تێدا بکەم و پاشان بەدوای خۆمدا خوێنەر بە کۆڵان و شەقام و ژوورەکانی (باران) دا بگەڕێنم. من ئیدی چەند جارێک ئەوکتێبەم لەملاولا و لە سەر مێز و لە پاڵ کتێب و لە تاقی پەنجەرە و زۆر شوێنم پێکرد، وەک بڵێی، وەک کتێبێک کە ڕۆحی تێدابێت وەک گیانەوەر و بونەوەرێک و گژوگیایەکی زیندوو یان گوڵێک، وەک مرۆیەک تەماشام دەکرد و لەنێو شانی کتێبەکانی ترم نەنا، وامدەزانی بەمە ئەو زیندەوەرە ڕوحدارە هەناسەکانی خەفە دەبێ و تەنگەنەفەس دەبێ، ئیتر هەمیشە لەبەر چاوم بوو تا جارێک فرسەتی لێ دەهێنم و پێکەوە دەست بەقسان دەکەین و کتومت وەک من و کتێبێک نا، وەک من و کتێبێکی ڕۆح تیا زیندوو پێکەوە دەدوێین و ئیدی ئاوەها هەمیشە بۆ ئەوکاتە بۆ ئەو فرسەتە زیندووە دەگەڕام ....

**دوورگەی کۆدەکانی باران**
دوورگەیەکە لەوێ خەیاڵ هەزاران ئەوەندەی تر بەنێو باخەکانیدا دەگەڕێ. لەوێ جەستە تەواو لەژێر خۆر دا ڕووت دەبێتەوە و کزە بای شێدار و مووەکانی مرۆڤ ڕاست و تیژ ڕادەوەستێن و پێست تورت و گرژ دەکەنەوە. ئەو دورگەیە لاپەڕە و دێڕ و وشە پڕ گوزارشتەکانی (باران)ە، کۆڵان و شەقامە تەڕ و ڕەنگینەکانی (باران)ە کە شەو بە ڕەنگە ڕەشەکەی و گەرای وردبوونەوەی ڕەنگەکان، هەزاران تۆنی ڕەنگاڵە تری لە هەناو دا وەک گەرای ماسی ڕەنگاڵەیی لە نێو دەریادا ڕشتووە. ڕەنگەکانی ناوەوەی کتێبە خۆڵەمێشییەکەی (باران)م بە ئەرخەوانی دارئەرخەوان لە بەهارێکی زەرددا پێش گووڵەسپیەکان، وەک گوڵی سێو، ئەودرەختە نە گەڵا و نە بەروبوومی هەیە، یەک پارچە دەبێتە گوڵ، گوڵی ئەرخەوان، درەختێک لە گوڵ. من بۆخۆم دارئەرخەوان بە گوڵێکی گەورە دێتە پێش چاوم، لەو بچوکتریش گوڵە وردیلە خەمگین و چاو پڕ لە عەشقەکەی وەنەوشەیە. من نازانم، ئەوی نازداری و نیانی وەنەوشەی نەدیبێ و گوڵی نەدواندبێ هەرگیز نازانێ بۆ گوڵ جوانە، بە تەنها ئەوانەی لە جوانییەکانی گوڵ تێدەگەن و دەزانن، هەر ئەوانیش دەزانن کە جوانە و بۆ جوانە. (باران) وەک وتم ئاوها نووسیوویەتی کە سەرەتاڵێک نادا بەدەستەوە لێی باس بکەیت و لێ ی بنووسی. (باران) ئەو کچە نووسەرە نادیارەی وەک دورگە ئەفسوناوی و سیحراوییەکەی خۆی بەدەر دەخا و وەک ئەوەی بە ڕەنگی گوڵەکاندا ڕێگام هەڵگرت،

بۆ چوونە ناو دورگە ئەفسوناوییەکەی (باران). تەنها بەم جۆرە دەتوانم چەند وێنەیەکی خێرای دەنگەکانی (باران) بگرم و لێی بدوێم. کۆمەڵێ (کۆد) کۆمەڵێ (کلیل) کۆمەڵێ (پاسپۆرت) هەن دەبێ پێت بێ و لە جەستە و ڕۆح و دڵ و سەرەتا لە هۆشتا ئەمانە هەمووی هەبن، ئەوسا هەست بە بروسکەی داهێنان و ڕەنگ ڕشتنی ڕەنگە دیمەن و وشە و سرووەی شەوە تار و تاریکەکانی گوزارشتی (باران) دەکەی، (باران) لە (تراویلکەی باڵەکاندا) دەڵێ: (ئاخر ئەوکاتانەی دەبینم لە دەرەوە باران دەبارێ، منیش لەناوەوە دەبارێم بەسەر خۆمدا، بەسەر دڵی خۆمدا کە هاوڕێی هەمیشەییمە و هەڵگری نهێنییەکانم). لە جیهانێکی

قەتیس بووی وەستاو لە بەستن و قەتماغەی بەستنی هەموو دیمەنەکان کە زیاتر گوزارشت لە جەنگی ناوەوەی دڵی کچێک دەکات، ساتێک دەوروبەر و جیهانەکەی بەرامبەری دەگۆڕێ و دەخوێنێتەوە، ساتێک خۆی بەسەر جیهانەکەدا پەرت و بڵاو دەکاتەوە، ئەوەتا یاری بە گوڵەکان دەکا و دەست بە لق و چڵەکانیاندا دەهێنێ و ئاویان دەدات، لەگەڵ چریکە و خوێندنی باڵندەکان بستێ قاچی لە زەوی بەرز دەبێتەوە. (باران) لەژێر کاریگەری جوگرافیای خۆیدا لە گۆڕاندایە کاتێ تەماشای دەرەوەی خۆی دەکات (پارچە ورد بووەکان، جێگای چۆڵی گوڵدان، کۆمپیوتەرێکی بێتین داگیرساو، دڵۆپی تکاوی ساردەوەبووی مۆمەکان)، (باران) لەم جوگرافیایەدا تۆپۆگرافیایەکی زیندوو بۆ ڕۆح و بۆ خۆشنودییەکانی پێش وەخت کە لە دڵیدا چەکەرەی دابوو دروست دەکات.

دەکەوێتە گۆڕینی ژوورەکەی هەموو شتێک دەگۆڕێ (هەر ئەمڕۆ شتەکانی ئەم ژووره دەگۆڕم و دوای ناخەم)، (مێزی نووسینەکەش لەوبەرەوە دادەنێم تا چاوم لە پەنجەرەکە و دیمەنی دەرەوە بێ کاتێ دەنووسم، ئاخر ئەو کاتانەی دەبینم لە دەرەوە باران دەبارێ ....) وەک لە پێشەوە بەم پەرەگرافەی کۆتایی دەستم پێکرد جەنگەکە لێرەدایە ((باران)) باران کۆدە کۆدێکی چڕ و پڕ لە نهێنی، باران کۆدی هەموو نهێنییەکانی ڕوح و دڵ و جەستەی چیرۆکنووسە کە ئەوەندە خۆی لە باران هەڵکێشاوە، خۆی ناوناوە (باران)، مەبەستم چیرۆکنووسە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم باران ناوێکی خوازراوی چیرۆکنووسە؟!. با بگەڕێینەوە تەماشای باران مەبەستم (باران بارینە) بکەین لە لای خاتو (باران)ی چیرۆکنووس چۆن لە دەرەوە و ناوەوەی دادەبارێ لە دەرەوە تەماشاکانی تەڕ دەکات و خەیاڵەکانی چەتر هەڵدەدەن لە ناوەوە (باران) بارانی چیرۆکنووس بارانی کچ بارانی مرۆڤ تەڕ دەبێ وەک ئینسان تەڕ دەبێ،

باران بە شەڕ دێ لەگەڵ سروشتی دڵ ڕەق دا هەموو ئەوانەی پەلی ڕادەکێشنە نێو شەڕەوە، تەنانەت ئاوێنەکەش، بەتەنها کتوپڕییەکان، ئەوانەی کە باران خۆی بۆ ئامادە دەکات. ئەو کتوپڕیانەی دڵی دەخەنە کار ئەو دڵەی کە هاوڕێی بارانە دڵی خۆی کە دیرەنجێنێ و بەسەریدا دەبارێ بۆ دڵخۆش کردنی خۆی. ئینجا کۆدەکە لە نێو ئەو کارتەدا نییە کە کچەکە دەیخاتە نێو مۆبایلەکەی و تەماشا دەکات پەیامێکی زۆری بۆ هاتووە، کۆدەکە لێرەدایە؛ (دیمانەت بەخێر کچە کاڵاکە)، دیسان گەورەبوون و باڵا کردنی کۆدەکە لەدەستەواژەی بەتەنها (کچە کاڵەکە)، ئەو لەچیرۆکەکەدا دەڵێ (زرنگانەوەیک بوو دوور دوور لە گوێم دا، کەسێکی لە ناو یادەوەریمدا خەبەرکردەوە). ئیدی من بە پاڵ دیوارە تەڕەکانی شاری خەیاڵەکەنی باراندا بە شەقامەکانی ئەو شەوەدا لە شەقەی باڵ ئەدەم و پێکەوە دەچینە دوورگەی کۆدەکانی باران. خوێنەر خۆی بڕوات چیرۆکی (تراویلکەی باڵەکان) بخوێنێتەوە، من لێرەدا بەچەند کۆدێکتان دەسپێرم دەشێ لە دورگەکە بیانناسنەوە بیانگرنە باوەش و خۆشەویستی، کەواتە تەماشاکەن ئەمانە هەموو کۆدن، جگە لە سەرتاپای چیرۆکەکان من تراویلکەی کۆدەکانتان بۆ دەکەمە وەنەوشە؛ (نوور لەژێر پێستمەوە دێتە دەرێ شەوق دەدەمەوە)، (پێدەچێ دایەخان بوونی کۆرپەیەکی کوڕی بە هەتوانی برینەکان زانیبێ و بوونی کچێکیشی بە لە دایکبوونی (تا) و (ژان)، ئەمە وەڵامە بۆ؛ (ئەگەر کۆرپەکەمان کوڕ بوو ناوی دەنێم بێژان، ئەگەر کچیش بوو ناوی دەنێین تاژان)، ( ئەڵێی یەکەم جارمە هاوشانی کوڕێک ڕێ دەکەم، نا پێشتر وەک ئێستا ڕووی نەداوە لەگەڵم، بتوانم بەدەم ڕێوە گوێم لە تەپەتەپی دڵی خۆم بێ و لە ئێوارەیەکی ناوەختی وادا بە توێی کراسێکی تەنکی ڕەشەوە، هەست بە بەرزی پلەی گەرمای جەستەم بکەم!). کۆدێکی نهێنی لە هەموو کۆدەکان کە چیرۆکنووس چنیوییەتی ئەم دوو پەرەگرافەیە کە یەکەمیان دیالۆگی کوڕە چاوەڕوانکراوە غەریبەکەیە؛ ( تێم بڕوانە، قووڵ سەرنجم بدە و هەست بە ڕاستی ئەو قسانە بکە کە دەیڵێم ، ئەو دێڕە پەرتانەم لەبیر بکە کە هەنووکە لێم هەڵوەری، من هاتووم ئەوەندەت پێبڵێم کە خۆشمویستیت و بەخۆشەویستیت دەسپێرم، ئاخر شتێک نییە لەم جیهانەدا کە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی نەبێت، بمبوورە!). پەرەگرافی دووەم دوو کۆدی لێک گرێ دراوی چڕ و بە تەون و پۆدارن، تەماشا من دەیانخەمە نێو کەوانەوە بۆ زیاتر سەرنج خستنەسەریان؛ (هەوا زۆر ساردی کردبوو، باوەشم کردبوو بەخۆمدا)، (هەڵدەلەرزیم و گازم لە ڕوومەتی خۆم دەگرت)، (قەمسەڵەکەی داکەند تاکو من لەبەری بکەم)، (قبووڵم نەکرد). ئێستا بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشان بۆ کۆدەکان کەوانەیەکی دی بەکار دەهێنین (دەنگی ترپەی پێڵاوەکانی بەسەر ترپە خێراکانی دڵمدا زاڵ بوو)، (هەستم بەغەریبی دەکرد کە ئەوم لە تەنیشت خۆمەوە دەبینی)، (هەستم دەکرد هەرگیز بۆ ساتێکی کەمیش چییە من ئەو کوڕەم نەناسیووە!).

((نامەیەک بۆ بەهەشت)) کۆمەڵێک وێنەی جوان و هەستی ناسک و شاعیرانە دەگرێتە خۆ، وێڕایی ئەوەش گوڵبژێرێکی بەرچاو لە ڕووناکبیری و ئاگاداری (باران) دەگەیەنێ لە ئەدەب و ڕۆشنبیرانی جیهانی. ئیدی من بەش بە حاڵی خۆم بە خۆشەویستی نا، بە عەشقێکی هەمیشەییتان دەسپێرم، پیرۆز بێت دەست و پەنجەکانی (باران).